٥. ئامادەکردنی میلاکی فاکەڵتی.
٦. سەپاندنی سزای بەرزەفتکارییەکان بەسەر قوتابیان بەپێی ڕێنماییە پەیڕەوکراوەکانی فاکەڵتی.
٧. پێشنیازکردنی پلانی پەیوەندییە ڕۆشنبیری و زانستییەکان لەگەل هاوشێوەکانی.
٨. ڕاسپاردن بە بەخشینی بڕوانامەی زانستی بە دەرچوون.

ڕاگری فاکەڵتی

ڕاگری فاکەڵتی لە سەر پێشنیازی سەرۆکی زانکۆ بە ڕەزامەندی و پەسەندی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دادەمەزرێ.

ڕاگری فاکەڵتی ئەم ئەرک و دەستەڵاتانەی خوارەوە جێبەجێ دەکات:

١. دارشتنی ستراتیژی فاکەڵتی و دانانی پلان بۆ جێبەجێکردنی.
٢. بەدواداچوونی بزاڤی خوێندن لە فاکەڵتی بەپێی ئامانج و تێروانینەکانی فاکەڵتی.
٣. نوێنەرایەتیکردنی فاکەڵتی لە ئەنجوومەنی زانکۆ و لایەنە دەرەکییەکان.
٤. کاندیدکردنی یاریدەدەرەکان و سەرۆک بەشە زانستیەکانی فاکەڵتی لە نێوان ئەندامانی هەمیشەیی و دەستەی وانەبێژان.
٥. پەسەندکردنی ڕاسپاردەکانی ئەنجوومەنی بەشەکان.
٦. ڕەزامەندی دەربرین لەسەر دابەشکردنی وانەکانی خوێندن و یەکە وەرزییەکان بەسەر ئەندامانی دەستەی وانەبێژان.
٧. دابینکردنی پێداویستییەکانی خوێندن.
٨. پەسەندکردنی ڕاسپاردەکانی لێژنە پێکهاتووەکانی فاکەڵتی.

ئەنجوومەنی بەشە زانستیەکان

هەر بەشێکی زانستی ئەنجوومەنێکی دەبێت بۆ سەرپەرشتی کردنی کاروبارەکانی بەشەکە، ئەنجومەنی بەش باڵاترین دەسەڵاتی زانستییە لە سەر ئاستی بەشە زانستییەکان و بەرپرسیارە لە سەرجەم بڕیار و چاودێری و ڕاپەڕاندنی کاروبارە زانستییەکان.

١. ئەندامانی ئەنجوومەنی بەش لە نێو ستاف ئەکادیمیی بەش هەڵدەبژێردرێن و هەروەها دەکرێت سود لە توانای کەسانی دەرەوەی بەش وەربگیرێت.
٢. لە کاتی هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەن دەبێت بڕوانامە و نازناوی زانستیی بەرزتر یان توانا و لێهاتوویی زانستی لەبەرچاو بگیرێت.
٣. سەرۆکی بەش دەبێتە سەرۆکی ئەنجومەنی بەش و لە کاتی پێویستدا دەکرێت کەسێکی خاوەن نازناوی زانستی بەرز یان خاوەن توانای زانستی دیار ئەم ئەرکە لە ئەستۆ بگرێت.
٤. دەبێت ئەندامان لەسەر بنەمای پسپۆڕیی جیاوازییەکانی بەش هەڵبژێردرێن.
٥. دوای ڕەزامەندی سەرۆکی بەش و ڕاگری فاکەڵتی دەکرێت داوای لێبوردن لە وەرگرتنی ئەم ئەرکە بکرێت.
٦. دوو هەفتە جارێک و بە ئامادەبوونی هەموو ئەندامان کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەن سازدەکرێت و لە کاتی پێویستیشدا سەرۆکی بەش دەتوانێت داوای کۆبوونەوەی نائاسایی بکات.
٧. لەکاتی ئامادەنەبوونی هەر ئەندامێک دەبێت هۆکاری ئامادەنەبوونەکەی بۆ سەرۆکی ئەنجومەن ڕوون بکاتەوە.
٨. بڕیارەکان بە ڕێککەوتن دەردەکرێن و لە کاتی هەبوونی ڕای جیاواز لە بارەی بابەتێک ڕای زۆرینە وەردەگیرێت.

ئەرکەکانی ئەنجومەنی بەش:

ئەرکەکانی ئەنجومەن لەم خاڵانەی خوارەوە پێکدێت.

١. جێبەجێکردنی یاسای خوێندنی باڵا و ڕێنماییە پەیوەندیدارەکان.
٢. دانانی ستراتیژی زانستی بەش لە ژێر ڕۆشنایی ستراتیژی فاکەڵتی ئەندازیاری.
٣. دانانی پلانی وەرگرتنی قوتابیان.
٤. دانانی پڕۆگرامەکانی خوێندن و بەدواداچوونی چۆنیەتی جێبەجێکردنیان.
٥. پەرەپێدانی پڕۆگرامەکانی خوێندن.

٦. پەسەندکردنی ناونیشانی توێژینەوەی مامۆستایان.
٧. پێشنیازی بیرۆکەی خولی راهێنان و وۆرک شۆپ و کۆنفرانس و سەمپۆزیۆم و چالاکی زانستی و کەلتوری.
٨. پشنیازی بانگهێشتی پسپۆڕی دەرەکی و ناوخۆیی بۆ وانەوتنەوە و چالاکییەکان.
٩. ئامادەکردنی کۆرسبوکەکان و دەوڵەمەندکردن و نوێکردنەوەیان بۆ ساڵانی داهاتوو.
١٠. دانانی پلانی ئاراستەکردنی خوێندن بەرەو بازاڕی کار.
١١. راسپاردنی پسپۆڕان بۆ دانان و وەرگێڕانی کتێب.
١٢. پەسەندکردنی سەرەتایی دانان و وەرگێڕانی کتێب.
١٣. ئامادەکردنی پرۆژە و پلان بە پێی بواری پسپۆڕی بۆ حکومەت و دامەزراوەکانی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت لە کاتی ئاسایی و قەیرانەکان.
١٤. بڕیادان لەسەر هەموار و هاوسەنگ و بەخشین و بارکردنی بابەتەکانی خوێندن.
١٥. چەسپاندنی ناونیشانی پرۆژەکانی دەرچوونی قوتابیان.
١٦. ئامادەکاری بۆ کۆنفرانسی قوتابیان.
١٧. ئامادەکردنی بەرنامەی چالاکی زانستی و ڕۆشنبیری بۆ قوتابیان.
١٨. بڕیاردان لەسەر تانەی دەفتەر بینینەوەی قوتابیان.

یاریدەدەری ڕاگری بۆ کاروباری کارگێڕی قوتابیان

بەشێوەیەکی گشتی سەرپەرشتی کارگێڕی فاکەڵتی و کاروباری قوتابیان و پابەندبوون بە ڕێساکانی زانکۆ دەکات.
بەرپرسیاریەتییە سەرەکییەکان:
١. هاوکاری ڕاگر دەکات لە بەڕێوەبردنی کارەکانی ڕۆژانەی فاکەڵتی، تەرخانکردنی سەرچاوەکان، و پابەندبوون بە ڕێساکانی زانکۆ و وەزارەت.
٢. دڵنیای دەدات لە پابەندبوونی فاکەڵتی بە سیاسەتەکانی زانکۆ و وەزارەت و حکومەت.
٣. سەرپەرشتیکردنی هەموو فەرمانبەران و دیاریکردنی ئەرکەکانیان و هەبوونی کارە کارگێڕییەکانی فاکەڵتی.
٤. سەرپەرشتی و بەدواداچوونەوەی کاروباری کۆگا و یەکەی تاقیگەکان دەکات.
٥. سەرپەرشتی چاککردنەوە و پاراستن و پەرەپێدانی پیکهاتە فیزیکییەکانی و تاقیگەکانی فاکەڵتی دەکات.
٦. سەرپەرشتی کاروباری قوتابیان دەکات، لە تۆمارکردن، ئامادەبوون، چارەسەرکردنی کێشەکانیان.
٧. پێشنیازکردنی فۆڕم و ناوەڕۆکی ڕێسا و دەستووری تایبەت بە کات و شێوازی تاقیکردنەوەکان، ئەنجامی تاقیکردنەوەکان، پڕۆسەی پێداچوونەوە بە گازندەی قوتابیان ، وە هەڵسەنگاندنی پێشکەوتنی ئاکادیمی.
٨. سەرپەرشتی بەڕێوەچوونی تاقیکردنەوەکان دەکات و دڵنیای دەدات لە دادپەروەری و شەفافیەتی پرۆسەی تاقیکردنەوەکان.
٩. سەرپەرشتی چالاکییە نائەکادیمییەکانی قوتابیان دەکات بۆ بەرزکردنەوەی کارامەی و خۆشگوزەرانی قوتابیان.
١٠. سەرپەرشتی ڕێکخستنی خشتەی وانەکان و هۆڵەکانی خوێندن و چالاکییەکان دەکات.
١١. مامەڵە لەگەڵ بابەتە دیسپلینییەکانی قوتابیان و گازندەکان دەکات.
١٢. سەرپەرشتی سیستەمی زانیاری قوتابیان دەکات و سوپەر ئەدمینی فاکەڵتییەکانی خۆیانن.
١٣. هەڵسان بە ئامادەکردنی ئاماری سالانەی فاکەڵتی بۆ وەزری یەکەم و دووەم.
١٤. ئامادەکردنی پلان بۆ بەڕێوەبردن و باشترکردنی لایەنی کارگێڕی فاکەڵتی.
١٥. چاودێریکردنی کارەکانی خزمەتگوزاری فاکەڵتی.
١٦. چاودێریکردنی هەموو یەکەکان لە ڕووی بەڕێوەبردنەوە.

سەرۆک بەش

ڕۆڵی سەرەکی سەرۆک بەشی زانستی بەشێوەیەکی گشتی بریتییە لە پێشکەشکردنی سەرکردایەتییەکی بەهێزی ئەکادیمی و زانستی بۆ گەشەپێدانی بەشەکە و دڵنیابوون لە گەیاندنی ستراتیژیەتی بەشەکە لە چوارچێوەی ستراتیژیەتی فاکەڵتی و، بەدەستخستنی بەرزترین پێوەری شیاو و ڕوخساو لە هەموو بوارەکاندا. بۆ ئەم کارە پێویستە تەواوی ستافی بەشەکە پاڵپشت و هەماهەنگی سەرۆک بەش بن.

سەرپەشتیکاری و بەڕێوەبردنی بەش

ئەرکە سەرەکییەکانی سەرۆک بەش بریتین لە :

١. ئامادەکردنی تەواوی پێداویستیەکانی پلانی وەرگرتنی ساڵانەی فێرخوازان بە هەماهەنگی لەگەل فاکەڵتی.

٢. بەڕێرسیاریەتی و لەئەستۆگرتنی دانان و پیشخستنی ستراتیژیەتی ئەکادیمی بەشەکە هاوتەریب لەگەل پلانی ستراتیژی فاکەڵتی.

٣. بەشداریکردن لە ئەنجوومەنی فاکەڵتی لە هەموو ڕووەکانی سەرپەرشتیکردن و بەڕێوەبردنی فاکەڵتی، پێویستە سەرۆک بەش هەموو ئەو ئەرک و فەرمانانە جێبەجێبکات کە بۆ کارێکی دیاریکراو پەسەندکراو و پێویستن.

٤. سەرپەرشتیکردنی دانانی خشتەی خوێندنی وانەکان و ئامادەکردنی مامۆستا بە هەماهەنگی لەگەل لێژنەی زانستی بەش و فاکەڵتی.

٥. بەدواداچوون بۆ پڕۆگرامەکانی خوێندن و دڵنیابوون لە تەواوکردنی ڕێژەی داواکراوی وانەکان و بابەتەکانیان.

٦. سەرپەرشتی کردنی مەشقی هاوینەی فێرخوازان و ئاراستەکردنیان بۆ شوێنی گونجاو.

٧. سەرپەرشتی کردنی لێژنەکانی بەش بە هەماهەنگی لەگەڵ مامۆستا و فێرخوازان و ڕاگرایەتی فاکەڵتی وەکو: لێژنەی زانستی، لێژنەی پەرەپێدانی پڕۆگرامەکانی خوێندن، لێژنەی چاڵاکییەکانی بەش.

٨. نوێنەرایەتی کردنی فاکەڵتی لە ناوەوە و دەرەوەی فاکەڵتی.

٩. بەشێوەیەکی ڕێک و پێک و داواکراو ڕاپۆرتی ئاسایی مانگانەی پێشکەش بکات بە ڕاگری فاکەڵتی سەبارەت بە کاروچالاکی و گیروگرفتەکانی بەش.

١٠. سەرپەرشتیکردنی دڵنیایی جۆری بەش.

١١. چاودێریکردنی پڕۆسەی خوێندن و فێرکردن لە بەشەکەی خۆی.

١٢. بەدەستهێنانی زانیاری لەسەر نوێترین ڕێنمایی سەبارەت بە بابەتەکانی خوێندن و هەڵسەنگاندن و ئەزموونەکان.

١٣. دڵنیابوون لەوەی کە هەر فێرخوازێک (قوتابی و خوێندکار) بەپێی ڕێسا و یاسا و پلانەکانی بەش هەڵسوکەوتی لەگەل دەکرێت.

١٤. پێدان و پێشکەشکردنی ئامۆژگاری بە فێرخوازان لەبارەی مۆدیول و بابەتەکانی خوێندن.

١٥. دروستکردنی هەماهەنگی لەگەل بەشەکانیتر بۆ ئالوگۆرکردن و هاوبەشیکردنی سەرچاوەکان و ڕێنماییەکان.

١٦. دڵنیابوون لە پاراستن و هەڵگرتنی بەڵگەنامە و فایل و نووسراوەکانی بەش بەشێوەیەکی ڕێک وپێک و داواکراو.

١٧. ڕوونکردنەوەی بڕیارەکانی فاکەڵتی بۆ مامۆستایان و ستاف بەش.

١٨. دابینکردنی دەرفەتی دەرەوەی هۆڵی خوێندن لە شێوەی گەشتی زانستی و بانگهێشتکردنی کەسانی شارەزا بۆ فاکەڵتی.

١٩. پێشنیازکردنی بەرنامە و خولی ڕاهێنان بۆ ستاف بەش.

بڕیاردەری بەش

بڕیاردەری بەش ڕۆڵێکی گرنگی بەڕێوەبردنی ناوەندییە لە زانکۆ. ئەم پۆستە وەک بڕیارەی پشتی بەگەرخستنی بەشەکە کاردەکات، کە پردێک لە نێوان دیدگای ستراتیژی سەرۆکی بەش و ئەو واقیعە ڕۆژانەیانەی کە ڕووبەڕووی مامۆستایان و ستاف و فێرخوازان دەبنەوە. بەرپرسیارێتییە سەرەکییەکانی بڕیارەری بەش ئەمانەی خوارەوەن

١. ڕێکخستنی خشتەی وانەکان: دروستکردنی خشتەی وانەوتنەوە، تەرخانکردنی هۆڵەکانی خوێندن، و خشتەی چاودێری تاقیکردنەوەکان

٢. تەرخانکردنی سەرچاوە هاوبەشەکانی وانەوتنەوە و خوێندنوەک شوێنی تاقیگە، ئامێر و شوێنە هاوبەشەکان

٣. سەرپەرشتیکردنی ئامادەکردنی کۆرس بووکەکان و دڵنیایدان لە بەردەستکردنیان لە پێش دەسپێکی هەر وەرزێکی خوێندن

٤. کۆکردنەوە و ڕێکخستنی بەڵگەنامە بەرفراوانەکانی پێویست بۆ متمانەبەخشین.

٥. حیسابکردنی باری وانەوتنەوە (نیسابی مامۆستایان)، ئەرکە کارگێڕییەکان، و کۆتایی چاودێریکردن بۆ دڵنیابوون لە دابەشکردنی یەکسان لە نێوان مامۆستایان.

٦. یارمەتیدان لە پێداچوونەوەی ساڵانەی ئەدای بەش و بەشداریکردن لە هەڵسەنگاندنی تاقیکردنەوەکانیان.

٧. کارکردن وەک یەکەم خاڵی پەیوەندی بۆ چارەسەرو ناکۆکیەکان لە نێوان فێرخوازان، ئەندامانی ستاف یان لە نێوان ستاف و فێرخوازان.

٨. چاودێریکردنی ڕێژەی پێشکەوتنی فێرخوازان وەکو ژمارەی کرێدتەکان (ECTS) و هەوڵەکانی تاقیکردنەوەکان و ماوەی دەرچوونیان.

٩. هەماهەنگیکردنی جێگیرکردنی مەشقی هاوینە و پڕۆژەکانی پەرەپێدانی کاری قوتابیان

١٠. پاراستنی پەیوەندی لەگەڵ دەرچووان.

١٢. ڕۆڵگێڕان وەک سەرۆکی بەش بە وەکالەت لە کاتیئامادەنەبوونی سەرۆک بەش

١٣. ئامادەکردنی ڕاپۆرتی ئاماری لەسەر ڕەوتی ئامادەبوونی فێرخوازان، ڕێژەی دەرچوون، و بەرهەمی توێژینەوە بۆ ئەوەی سەرۆکی بەش پێشکەشی ڕاگری فەکەڵتی بکات.

ماموّستا

بەگشتی ماموّستایانی میلاکی فاکەڵتی پێویستە پابەندبن بە کاری پێشەی و دامەزراوەی لە فاکەڵتی بەشێوەیەکی بەردەوام لەماوەی کارکردنیاندا. ئەو پابەندبوونە بریتیە لەو کاتەی تەرخانی دەکەن بۆ وانەوتنەوە، ئەنجامدانی توێژینەوە، سەرپەرشتیکردنی فێرخوازان (قوتابیان و خوێندکاران)، چالاکیەکانی فاکەڵتی و خزمەتی جۆراوجۆر لەناو فاکەڵتی و یاخود لە دەرەوەی خزمەتی پێشەیی و پۆلی ڕاوێژکاری و کارگێڕی. ئەرکە و پێویستە لەسەر ماموّستایان خۆیان شارەزا و ئاشنابکەن بە کاروچالاکی و ئەرک و بەرپرسیاریەتیان لە ناوەوە و دەرەوەی فاکەڵتی. هەروەها پێویستە ماموّستایان ئاشنابن بە ڕێسا و ڕێنماییەکانی خوێندن و فاکەڵتی و هەموو ئەوانەی پەیوەندییان هەیە بەم بابەتەوە.

:ئەمانەی خوارەوە بریتین لە ئەرک و بەرپرسیاریتییەکانی ماموّستا لە فاکەڵتیکەمان

:بەرپرسیاریەتیە سەرەکیەکان

١. دانانی پلان و ئامادەکردنی بابەتەکانی ئەو وانانەی خراونەتە ئەستۆی

٢. بەجێهێنان و ئەنجامدانی وانەوتنەوە لە کات و ساتی دیاریکراودا

٣. تەواوکردنی پڕۆگرامی دانراو لەکاتی دیاریکراودا

٤. دیزاین و جێبەجێکردنی ستراتیژیەتی تایبەت بۆ گەشەپێدانی هەستی بەرپرسیاریەتی (خود بەرپرسیاری) و سەربەخۆ و پشتبەخۆ بەستوو لە لای فێرخوازان.

٥. بەخشینی دەرفەت بە فێرخوازان (قوتابیان و خوێندکاران) بۆ پیشاندان وا جێبەجێکردنی ئەو بابەتانەی فێربوونە.

٦. پەیڕەوکردنی شێواز و تەکنیکی جیاوازی وانەوتنەو و فێرکردن بۆ بەهێزکردنی توانای فێربوونی فێرخوازان

٧. بوون بە ئەندامی تیمی پلاندانانی بەش بۆ دیاریکردنی وانەکانی خوێندن بۆ هەر ساڵێکی ئەکادیمی

٨. گۆڕانکاری و گونجاندنی بابەتەکانی لەگەل نوێترین توێژینەوە

٩. هەڵسەنگاندن و نمرەدانانی ئەرکەکان و هەماهەنگیکردن لەگەل ماموّستایانی تر بۆ دڵنیابوون لە ڕاست و دروستی پڕۆسەی هەڵسەنگاندن.

١٠. پەیوەندیکردنی لەگەل بڕیاردەر و سەرۆک بەش و دڵنیای جۆری و نوێنەری فێرخوازان بۆ دڵنیابوون لە بەجێهێنانی پێداویستیەکانی وانەکان.

١١. چارەسەرکردنی داواکاریەکانی فێرخوازان لەبارەی پشتگیری ئەکادیمی لەهەر شوێنێک کە گونجاوبێت

١٢.بەشداریکردنی لە چاودێریکردن و سەرپەرشتیکردنی ئەزموونەکان

١٣. چالاکانە بەشداریکردن لە گەشەپێدانی ستراتیژی و کارگێڕی فاکەڵتی

١٤.ئامادەکردن و پێشکەشکردنی پڕۆپۆزەڵی تایبەت بە دیزاین و گۆڕانکاری لە پڕۆگرامەکان و کردنەوەی یەکە و بەشی نوێ

١٥. هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لەسەر ئەو بابەتانەی پەیوەندی هەیە بە پسپۆری ماموّستاکە

١٦. پرس و ڕاوێژ پێکردن بە هەماهەنگی لەگەل ماموّستایانی تر بۆ پێشکەشکردنی باشترین و گونجاوترین پڕۆگرام و وانەی خوێندن.

سکرتاریەتی ڕاگر

یەکەم - بەرپرسی سکرتاریەتی ڕاگر

بەرپرسیارێتی سەرەکییەکان:

١. وەک بەرپرسی سەرەکی کارگێڕی سکرتاریەتی ڕاگر کاردەکات، دڵنیای دەدات لە کارەکانی ڕۆژانە و بەڕێوەبردنی پەیوەندییەکان و کاروبارەکانی سکرتاریەت.

٢. بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی خشتەی ڕاگر و کۆبوونەوە و چاوپێکەوتن و بۆنەکان.

٣. دارشتن، پێداچوونەوە و ئەرشیفکردنی نوسراو و ڕاپۆرتە فەرمییەکان.
٤. هەماهەنگیکردن بۆ کۆبوونەوەکانی فاکەڵتی و کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی فاکەڵتی لە ئامادەکردنی کارنامەی کۆبوونەوەکان، نووسین و ئامادەکردنی کۆنووسەکان و بەدواداچوون بۆ بڕیارەکان و دڵنیابوون لە جێبەجێکردنیان.
٥. هەماهەنگیکردن لە نێوان بەشەکان و سکرتاریەتی ڕاگر بۆ دڵنیابوون لە پەیوەندییەکی کاریگەر و دروست لە نێوان بەشەکانی فاکەڵتی.
٦. پەیوەندی لەگەڵ کارگێڕی زانکۆ بۆ دڵنیابوون لەوەی بڕیارەکانی ئەنجومەنی فاکەڵتی لەگەڵ ڕێساکانی زانکۆدا هاوتەریبن.
٧. دەرکردنی فەرمانی کارگێڕی تایبەت بە پێکهێنانی لێژنە زانستییەکان کە لە فاکەڵتی پێکدەهێنرێن.
٨. ئاڕاستەکردنی نووسراو دەرکردنی فەرمانی کارگێڕی پێویست، بە مەبەستی جیا جیا بۆ سەرۆکایەتی زانکۆ و فاکەڵتییەکانی تر و بەشە زانستییەکان و یەکە کارگێڕییەکان و فەرمانگە حکومی و ناحکومییەکانی تر.
٩. وەڵامدانەوەی هەموو ئەو نووسراوانەی کە لە سەرۆکایەتی زانکۆ و فاکەڵتییەکانی تر و بەشە زانستییەکان و یەکە کارگێڕییەکان وداموو دەزگاکانی تر ئاڕاستەی بەڕێز ڕاگر دەکرێن.
١٠. ڕێکخستنی کارنامەی ڕاگر و ئامادەکردنی بەڵگەنامەی پێویست بۆ کۆبوونەوەکان.
١١. تۆمارکردن و دابەشکردنی کۆنووسەکانی کۆبوونەوەکان.
١٢. بەدواداچوون بۆ کردارەکانی بەدواداچوون و وادەکان لە کۆبوونەوەکان یان پەیوەندییەکان.
١٣. پێشوازیکردن لە سەردانکەران، شاشەی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان و مامەڵەکردن لەگەڵ پرسیارەکان.
١٤. نوێکردنەوەی تابلۆی ئاگادارییەکان، بەشەکانی ماڵپەڕی فاکەڵتی، و ڕاگەیاندنەکان لە ژێر چاودێری نووسینگەی ڕاگرایەتیدا.
١٥. پشتگیری لە ئامادەکردنی ڕاپۆرتی فاکەڵتی (بۆ نموونە، ڕاپۆرتی ساڵانە، پێشکەوتنی پلانی ستراتیژی، لیستی ستاف)
١٦. ئەرشیف کردنی گشت نووسراوەکان و دیاری کردنی کاتی هاتن و دەرچوونیان، جێی ئامۆژە پێدانە نووسینگە هاتوو و دەرچووی تایبەت بە خۆی هەیە کە پێویستە گشت نووسراوەکان لە ناوییاندا تۆمار بکرێت.
١٧. پێدانی سوپاس و پێزانینی بەڕێز ڕاگر بە مامۆستایان و فەرمانبەران لە هەمبەر جێبەجێکردنی ئەرک و کارەکانیان بە شێوەیەکی دڵسۆز و خۆنەویستانە.
١٨. ناردن و وەرگرتنی کۆنوسی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی فاکەڵتی و وەرگرتنی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی زانکۆ و ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.
١٩. پێکهێنانی لێژنەی بەرزەفتکاری بەرامبەر مامۆستا و فەرمانبەران.
٢٠. پێکهێنانی لێژنەی بەرزەفتکاری بەرامبەر قوتابیان.
٢١. ئامادەکردنی ئاماری سالانەی فاکەڵتی بۆ وەزری یەکەم و دووەم.
٢٢. پاراستنی تۆماری نوێکراوی ستاڤی فاکەڵتی (ئەکادیمی و کارگێڕی).
٢٣. بەدواداچوون بۆ بەڵگەنامە و نامە فەرمییە هاتوو و دەرچووەکان.
٢٤. دڵنیابوون لە ئەرشیفکردنی دروستی ڕاپۆرت و کۆنووسەکان و سیاسەتەکان بەپێی ڕێساکانی زانکۆ.

دووەم - یاریدەدەری کارگێڕی (کاروباری سەرچاوە مرۆییەکان)

بە شێوەیەکی گشتی ئەمانەی خوارەوە بەشێکن لە ئەرکەکانی سەرچاوە مرۆییەکان:

١. پشتگیری کردن لە کارەکانی کارگێڕی ڕۆژانەی فاکەڵتییەکە، یارمەتیدان لە ئامادەکردنی بەڵگەنامەکان و ئەنجامدانی پەیوەندیکردنی پێویست
٢. یارمەتیدان لە دارشتنی نوسراو و یاداشتە فەرمییەکان و پاراستنی تۆمارەکانی فاکەڵتی و دڵنیابوون لە تۆمارکردنی دروست و بەڵگەنامەکردنی کارەکانی فاکەڵتی بە شێوەیەکی پیشەگەرانە و دیجیتاڵی.
٣. هاوکاری کردنی بەپرسی سکرتاریەت لە ئامادەکردنی کارنامەی کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەن و کۆنووسی کۆبوونەوەکان و بەدواداچوونەوەیان.
٤. هاوکاریکردنی بەڕێز یاریدەدەری ڕاگر لەو ئەرک و کارانەی کە پێویستن.
٥. پڕکردنەوەی مۆڵەت بۆ فەرمانبەران.
٦. دەرکردنی فەرمانە کارگێڕییەکان و ڕێنماییەکان بۆ فەرمانبەران.
٧. ئاراستەکردنی نووسراو بۆ ئەو شوێنانەی فاکەڵتی، کە بە پێویستی دەزانێت.
٨. ژمارە و تۆمارکردنی هەموو نووسراوێك کە دەردەکرێت لە فاکەڵتی.
٩. ژمارەکردنی هەموو نووسراوێك کە ئاراستەی فاکەڵتی دەکرێت.
ئەرشیف کردنی دۆسیەی مامۆستایان و فەرمانبەران.
١١. ئەرشیفکردنی هەموو نووسراوێك کە ئاراستەی فاکەڵتی دەکرێت بە شێوەیەکی ئەلیکترۆنی.
١٢. ئەرشیفکردنی هەموو نووسراوێك کە فاکەڵتی دەریدەکات بەشێوەیەکی ئەلیکترۆنی.

سێیەم - یاریدەدەری کاروباری ڕاگەیاندن و ئایتی و زانیاری

بەرپرسیارێتی سەرەکییەکان:

ڕاگەیاندن ئەم ئەرکانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت:

١. بەڕێوەبردنی ماڵپەری فاکەڵتی.

٢. بەڕێوەبردنی لاپەڕەی تۆرە کۆمەڵایەتییەکانی فاکەڵتی.

٣. ڕاگەیاندن و ڕێکخستنی سیمیناری مامۆستایانی فاکەڵتی.

٤. سەرپەرشتیکردنی هەموو چالاکییەکانی فاکەڵتی.

٥. بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندنی چالاکییەکانی فاکەڵتی.

٦. بەڕێوەبردنی هۆڵی سیمینار و ئامادەکردنی لە کاتی پێویست.

٧. پشتگیری کردنی پرۆژەی دیجیتاڵی، بەڕێوەبردنی ماڵپەر و داتا، و کارەکانی پەیوەست بە ئایتی فاکەڵتی.

٨. پاراستن و بەڕێوەبردنی تۆمارەکانی قوتابیان، مامۆستایان و چالاکییە ئەکادیمییەکان.

٩. پشتگیری و یارمەتیدانی قوتابیان و مامۆستایان لە بارەی ئیمەیڵ، و دیجیتاڵیکردنی بەڵگەنامەکان.

چوارەم -یاریدەدەر کاروباری خوێندنی باڵا و دڵنیایی جۆری

ڕۆڵی سەرەکی دڵنیایی جۆری بریتییە لە بەڕێوەبردن و بایەخدان بە کوالێتی ناوەند و پێکهاتەکانی فاکەڵتی، و بنەما سەرەکییەکانی بەردەوام بوون و بەدەستهێنانی کوالێتی فێرخوازان و فێرکردن و پڕۆگرامەکانی خوێندن و ناوبانگی فەکەڵتی. بەشی دڵنیای جۆری ئەم ئەرک و بەرپرسیاریەتیانەی خوارەوە لە خۆی دەگرێت :

١. دڵنیابوون لە بەڕێوەچوونی پڕۆسەی فیدباکی وەرزی و ساڵانە لە کاتی خۆی و بە شێوەیەکی ڕێک و پێک.

٢. بەشداریکردنی لە ئامادەکاریەکانی پێداچوونەوەی ناوخۆیی و دەرەکی پڕۆگرامەکان.

٣. دڵنیابوون لەوەی کە مامۆستایان و فێرخوازان ئاگادارن سەبارەت بە ڕێسا و ڕێنماییەکانی تایبەت بە فیدباکی فێرخواز و مامۆستایان.

٤. ئامادەکردن و جێبەجێکردنی ڕێنمایی دڵنیایی جۆری و هەنگاوەکانی چاودێریکردنی پێشڤەچوونی فێرخوازان ، ڕێژەی دەرچوون وە بازاری کاری پڕۆگرامەکان و دەرچووانی فاکەڵتی.

٥. هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکایەتی زانکۆ و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی سەبارەت بە داواکاری و نوێکاری تایبەت بە دڵنیایی جۆری.

٦. ئامادەکردن و جێبەجێکردنی میکانیزمێکی تایبەت بە هەڵسەنگاندنی وەرزی پڕۆگرامەکان و کاروباری ئەکادیمی.

٧. پێدان و ئاسانکاری بۆ وەرگرتنی متمانەبەخشی .

٨. ئامادەکردن و جێبەجێکردنی سیستەمێک بۆ دڵنیای جۆری تاقیکردنەوەکان و هەلسەنگاندنی فێرخوازان.

٩. ئامادەکردن و جێبەجێکردنی سیستەمێک بۆ دڵنیای جۆری خزمەتگوزاریەکانی فێرکردن.

١٠. ئامادەکردن و جێبەجێکردنی بەرنامەیەک بۆ خود هەڵسەنگاندن.

١١. دڵنیابوون لە بەڕێوەچوون و چاودێری پڕۆسەی دڵنیای جۆری بە ڕێك و پێکی و بە پێی ڕێنماییەکان.

١٢. هەڵسەنگاندن و لەبەرچاوگرتنی راسپاردەکانی بەشە زانستیەکان لە بارەی کاروباری ئەکادیمی.

١٣. پێشیازکردنی کردنەوە، گۆڕین یاخود داخستنی پڕۆگرامی زانستی.

١٤. سەرپەرشتی کارگێڕی خوێندنی باڵا و دڵنیایی جۆری بۆ پڕۆگرامەکانی فاکەڵتی دەکات.

١٥. پشتگیری لە کاروباری خوێندنی باڵا لە ناونووسکردنی قوتابیانی ئێستا و دەرچووانی زانکۆ، بەڵگەنامەکردنی تێزەکان، و بەڕێوەبردنی توێژینەوەکان دەکات.

١٦. پێشکەشکردنی هاوکاری و پشتگیری لە پڕۆسەی تاووتوێکردنی ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا.

١٧. پشتگیری کردن بۆ قوتابییە وەرگیراوەکان بە مەبەستی دریژکردنەوەی مۆڵەتی خوێندن و ماستەر نامە.

١٨. کردنەوەی دۆسیە بۆ قوتابییە وەرگیراوەکانی خوێندنی باڵا.

١٩. چاودێری کردن و ئاگاداربوون لە پڕۆسەی خوێندنی باڵا.

٢٠. هەوڵی جێبەجێکردنی KPI (پێشاندەری سەرەکی ئەدای کارکردن) بۆ بەدواداچوونی کاریگەریی پڕۆگرامەکان و کارەکانی خوێندنی باڵا دەدات.

٢١. کارکردن لەگەڵ یاریدەدەری متمانەخشین بۆ دڵنیابوون لە پابەندبوونی مامۆستایان و بەشەکان و فاکەڵتی بە داواکارییەکانی پڕۆسەی متمانەبەخشین.

پێنجەم - یاریدەدەری پەیوەندییەکان و پڕۆسەی متمانەبەخشین

بەرپرسیارێتی سەرەکییەکان:
١. پشتگیرکردنی کارەکانی پرۆسەی متمانەبەخشین و دڵنیابوون لە پابەندبوونی فاکەڵتی بە متمانەبەخشینی نیشتمانی، و پێداویستییەکانی زانکۆ.
٢. دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ لایەنە دەرەکییەکان و هەماهەنگی لەگەڵ دەزگاکانی حکومەت و هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان.
٣. ئامادەکردنی ڕاپۆرتی متمانەبەخشین و کۆکردنەوەی زانیاری و بەڵگەنامە پێویستەکان بۆ دەستەی متمانەبەخشین.
٤. چاودێریکردنی پابەندبوون بە ستانداردەکانی زانکۆ و دڵنیابوون لەوەی کە پرۆگرامەکانی فاکەڵتی پێداویستییە دامەزراوەییەکان بەدی دەکەن.
٥. کارکردن لەگەڵ یاریدەدەری دڵنیایی جۆری بۆ دڵنیابوون لە پابەندبوونی مامۆستایان و بەشەکان و فاکەڵتی بە داواکارییەکانی پرۆسەی دڵنیایی جۆری ناوەخۆیی وەک بەشێک لە پرۆسەی متمانەبەخشین.
٦. هەوڵی جێبەجێکردنی KPI (پێشاندەری سەرەکی ئەدای کارکردن) بۆ بەدواداچوونی کاریگەریی پرۆگرامەکان و کارەکانی خوێندنی باڵا دەدات.
٧. هەماهەنگی لەگەل سەرۆکایەتی زانکۆ و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و دەستەی متمانەبەخشینی کوردستان سەبارەت بە داواکاری و نوێکاری تایبەت بە متمانەبەخشین.

شەشەم - وردبینی ناوخۆیی

بەرپرسیارێتی سەرەکییەکان:
١. دڵنیای دەدات لە پابەندبوونی دارایی و کارگێڕی لەناو فاکەڵتێ بە چاودێریکردنی خەرجییەکان، وردبینی، و جێبەجێکردنی ستراتیژییەتی زانکۆ.
٢. پێداچوونەوە بە بودجە و خەرجییەکانی فاکەڵتی و دڵنیابوون لە پابەندبوونی مامەڵە داراییەکان لەگەڵ سیاسەتەکانی زانکۆ.
٣. ئەنجامدانی ڕێکارە ناوخۆییەکانی وردبینی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی فاکەڵتی بۆ کارایی و پابەندبوون.
٤. چاودێری پابەندبوونی ئەکادیمی و کارگێڕی و دڵنیابوون لەوەی کە سیاسەتەکانی پەیوەست بە بەڕێوەبردنی فاکەڵتی پەیڕەو دەکرێن.
٥. دروستکردنی ڕاپۆرتی دارایی و وردبینیکردنی بەردەوام پێشکەشکردنی بە ڕاگرایەتی و بەڕێوەبەرایەتی دارایی زانکۆ.

حەفتەم - یاریدەدەری کاروباری سی دی سی و ڕاوێژکاری قوتابیان

بەرپرسیارێتییە سەرەکییەکان:
١. دەستنیشانکردن و بەدواداچوون بۆ کێشەی قوتابیان لە ڕێگەی هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکی بەش و ڕاگرایەتی فاکەڵتی.
٢. ڕەوانەکردنی قوتابیان بۆ سەنتەری ڕاوێژکاری زانکۆ یان خزمەتگوزارییە تایبەتمەندەکان لە کاتی پێویستدا.
٣. ڕێکخستنی وۆرک شۆپی سەرکەوتنی ئەکادیمی (بۆ نموونە بەڕێوەبردنی کات، ئامادەکاری تاقیکردنەوە، لێهاتووبی قوتابیان).
٤. پێشخستنی دەستپێشخەرییەکانی تەندروستی دەروونی وپشتیوانی ئەکادیمی گشتگیر.
٥. کارکردنی وەکوو خاڵی سەرەکی فاکەڵتی لەگەڵ سەنتەری پەرەپێدانی کاری زانکۆ (CDC).
٦. هەماهەنگیکردنی بۆ وۆرک شۆپەکانی ئامادەیی پیشەیی، لەوانەش نووسینی سیڤی، کارامەیی چاوپێکەوتن، و ڕاهێنانی کارامەیی نەرم.
٧. دروستکردن و پاراستنی پەیوەندی لەگەڵ هاوبەشەکانی پیشەسازی و قوتابیانی پێشووی فاکەڵتی بۆ هەلی کار.
٨. بڵاوکردنەوەی هەلی دامەزراندن و ڕاهێنان بۆ قوتابیان.
٩. یارمەتیدان لە دامەزراندنی سەکوی فیدباک لەگەڵ قوتابیان بۆ هەڵسەنگاندن و باشترکردنی خزمەتگوزارییەکانی قوتابیان..
١٠. پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی بەردەوام بۆ ڕاگر سەبارەت بە گەشەپێدانی قوتابیان، دەرئەنجامەکانی خزمەتگوزاری پیشەیی، و چالاکییەکانی ڕاوێژکاری.
١١. پشتگیری کردن لە هەوڵەکانی پلاندانانی ستراتیژی بە بەشداریکردن لە KPIs پەیوەست بە خۆشگوزەرانی قوتابیان و پرۆسەی دامەزراوەیی بوون.
١٢. پێشنیازکردنی ڕێنمایی تایبەت بە کاروباری قوتابیان و کاروباری خوێندن.
١٣. دانانی سەنتەری ئامۆژگاری قوتابیان.
١٤. زیادکردن و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لە نێوان قوتابیان و لە یەکتر نزیکردنەوە و دروستکردنی هاوڕێیەتی نێوان قوتابیان.
١٥. نرخاندنی کەلتوری ئامۆژگاری و گەڕان بە دوای یارمەتی لە فاکەڵتی.
١٦. یارمەتیدانی قوتابیان بۆ گونجان لەگەڵ داواکاری و ژینگەی خوێندن لە ڕێگای داڕشتن و پێشکەش کردنی بەرنامەی ئامۆژگاری.

١٧. دەوڵەمەندکردنی شارەزایی پەروەردەیی و فێرکردنی قوتابیان بە پاڵپشتکردنی گەشەی کەسایەتی و تێگەیشتنی خۆدی بۆ ئەوەی زۆر هۆشیار و وریابن لە بارەی ناسنامەی کەسێتیان، تایبەتمەندیەکانیان و توانا کانیان. وە لە ئەنجامدا، ئەوان ئامادەتردەبن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داواکارییەکانی ژیان.
١٨. پاڵپشتی کردنی تایبەتمەندییە نەرێنیە کەسیەکانی قوتابیان لە ڕێگای بەرنامەی ڕاوێژکاری تاکەکەسی و کۆمەڵ.
١٩. پێشکەشکردنی خولی ڕاهێنانی قوتابیان بۆ سەرکەوتنیان لە خوێندن و ژیانی کۆمەڵایەتی.
٢٠. بەهێزکردنی هەماهەنگی لە نێوان پێکهاتە و یەکەکانی فاکەڵتی بۆ باشترکردنی پرۆسەی ئامۆژگاری قوتابیان.
٢١. ئامانجی سەرەکی گەشەپێدانی کار بریتییە لە هاوکاریکردنی قوتابیان و دەرچووانمان بۆ دۆزینەوەی هەلی کار، هاندانی قوتابیان و دەرچووانمان کە چالاکانە ببنە بەشێک لە سەنتەری گەشەپێدانی کار، بۆ بونیادنانی نەخشەڕێگای کاری داهاتوویان.
٢٢. دارشتنی ستراتیژیەتی گەڕان بەدوای کاردا بۆ قوتابیانی ئێستا و دەرچووانمان.
٢٣. یارمەتیدانی قوتابیان لە چۆنیەتی نووسینی سیڤی و کەڤەر لێتەر.
٢٤. ڕاهێنانی قوتابیان لە بارەی ئامادەکاریەکانی چاوپێکەوتن بۆ کار و چۆنیەتی وەڵامدانەوەی پرسیارەکان.
٢٥. بەستنەوەی قوتابیان و دەرچووان بە بازاڕی کار و خاوەن کارەکان لە هەموو ناوچەکانی کوردستان.
٢٦. ئامادەکردنی پلانی ساڵانەی سەنتەر.
٢٧. کردنەوەی خولی تایبەت بە ڕاهێنانی قوتابیان لەبارەی چۆنیەتی گەڕان بەدوای کار و سوود وەرگرتن لە دەرفەتەکان.
٢٨. دروستکردنی هەماهەنگی بەهێز لەگەڵ ڕاگر و سەرۆک بەشە زانستیەکان و مامۆستایانی ناوەندەکانی خوێندن بۆ ئاشنابوون بە پێویستیەکانیان.
٢٩. ئەنجامدانی سیمینار و وۆرکشۆپ و پێشەنگای هەلی کار بۆ ئاشناکردنی خاوەن کارەکان بە پسپۆڕیەکان و هێزی کاری ئەندازیاری و لە هەمان کاتدا ڕەخساندنی دەرفەتی کار بۆ قوتابیانمان.
٣٠. پێشکەشکردنی ئامۆژگاری بەردەوام بە قوتابیان لەبارەی بازاڕی کار و چۆنیەتی بەهێزکردنی توانا مرۆییەکانیان و بەدەستخستنی کارامەی نەرم.
٣١. کردنەوەی خولی تۆپی پێ بۆ قوتابیانی فاکەڵتی.
٣٢. کردنەوەی خولی تۆپی سەر مێز بۆ قوتابیانی فاکەڵتی.
٣٣. کردنەوەی خولی یاریی جۆراوجۆرەکانی دیکە.
٣٤. هاوکاریکردنی قوتابیانی لە ڕووی وەرزشی و بەهێزکردنی توانا لەشیەکانیان.

هەشتەم - پێشوازیکار (سکرتێری ڕاگر)

بەرپرسیارێتی سەرەکییەکان:

١. وەک یەکەم خاڵی پەیوەندی بۆ سەردانکەران و قوتابیان و مامۆستایانی فاکەڵتی کاردەکات
٢. بەڕێوەبردنی کارەکانی وەڵامدانەوەی پەیوەندییەکان، پرسیارە ڕاستەوخۆکان و پێشوازیکردن لە سەردانکەران.
٣. یارمەتیدانی قوتابیان و مامۆستایان و سەردانکاران بۆ ڕایکردنی کارەکانیان و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانیان.
٤. یارمەتیدان لە پلاندانان بۆ بۆنە و ئاهەنگەکانی ئاستی فاکەڵتی وەک سیمینار، کۆنفرانس، و ئاهەنگەکان.
٥. هەماهەنگی لەگەڵ بەشە پەیوەندیدارەکان بۆ لۆجستی و بانگهێشتنامە و بانگەشەکردن.
٦. دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی ڕێک و پێکی چالاکییەکان و بەڵگەنامەکردنی دوای چالاکییەکان.
٧. یارمەتیدان لە ڕێکخستنی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی فاکەڵتی، دانیشتنەکانی لیژنەکان، و وۆرک شۆپی ئەکادیمی.
٨. بەڵگەنامەکانی کۆبوونەوەکان وکۆنووسەکان ، و دڵنیابوون لە بەدواداچوون بۆ ئەرکە دیاریکراوەکان.
٩. پشتگیریکردنی ڕاگر لە سەرپەرشتیکردنی ساڵنامەی ئەکادیمی، خشتەی خولەکان، و پێشکەشکردنی باری کاری فاکەڵتی.
١٠. یارمەتیدان لە کۆکردنەوەی زانیاری و ڕاپۆرتەکان بۆ متمانەبەخشن، پێداچوونەوە بە بەرنامەکان، یان هەڵسەنگاندنی ئەدای کارکردن.
١١. هەماهەنگی کردن بۆ پەیوەندییە ناوخۆییەکان لەناو فاکەڵتییەکەدا، دڵنیابوون لەوەی کە پەیام و ڕێنماییە سەرەکییەکانی ڕاگر بە شێوەیەکی کاریگەر بڵاودەکرێنەوە.
١٢. مامەڵەکردن لەگەڵ پێداویستییەکانی ئۆفیس، لۆجستی، و پشتگیری بۆ بۆنە و سەردانە فەرمییەکانی فاکەڵتی.
١٣. بەرپرسە لە پاکوخاوێنی و پاراستنی ژووری ڕاگر و ژووری کۆبوونەکان.
١٤. بەرپرسە لە پێشوازیکردنی میوانەکان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆیان.
١٥. بەرپرسە لە چۆنیەتی وەڵامدانەوەی سەردانیکاران و جێبەجێکردنی داواکارییەکانیان.

ژمێریاری

ئەمانەی خوارەوە بریتیین لە ئەرک و بەرپرسیاریەتییەکانی ژمێریاری:

١. دابەشکردنی کرێی وانەبێژان.

٢. وەرگرتنی کرێی خوێندنی قوتابیانی پارالێل و داخیل کردنیان بە شێوەی پسولە.

٣. خەرجکردنی پارەی پسوولەی کرین و تۆمارکردنی هەموو پسوولەکان بۆ هەر مانگێك.

١. دلنیابوون لە خەرجکردنی پارەی پسولەکان و واژۆکردنیان لە لایەن ئەندام و سەرۆکی لیژنەی کرێن.

٢. سەرپەرشتیکردنی پێشینەی خەملێنراوی مانگانەی فاکەڵتی.

٣. دروستکردنی راپۆرتی رۆژانە و هەفتانەی تایبەت بەکارەکانی خۆی.

٤. سەرپەرشتیکردنی گەنجینەی فاکەڵتی.

کۆگا و دابین کردن

ئەم یەکەیە ڕاستەوخۆ سەر بە بەڕێز یاریدەدەری ڕاگرە بۆ کاروباری کارگێڕی و قوتابیان لە لایەن بەرپرسێک و ستافێک بەڕێوە دەچێت. ئەرکی دابین کردنی کەلوپەلی پێویستە بۆ سەرجەم یەکە وبەشەکانی فاکەڵتی، هەروەها تۆمارکردنی دەرچوو و هاتووەکانی کۆگا و پاراستنی کەلووپەلەکان لە ونبوونیان و نووسینی بەڵگەنامەکانی کۆگا.

یەکەی کۆگا ئەم ئەرکانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:

١. تۆمارکردنی کەلووپەلەکانی فاکەڵتی لە تۆماری ژمێرکاری داهاوێشتە (ادخال ژمارە ٧٠) وە دەرهاوێشتنیان بە تۆماری ژمێرکاری دەرهاوێشتەی (اخراج ژمارە ٧١).

٢. جەردکردنی ساڵانەی کەلووپەل و تەواوی هەبووەکانی فاکەڵتی.

٣. سەرپەرشتی کردنی کۆگای فاکەڵتی و دابەشکردن و وەرگرتنەوە و گۆڕینەوەی کەلوپەلەکان.

٤.بەڕپرسە لە پاراستن و باشی و کارکردنی تەواوی هەبووەکانی فاکەڵتی وەکو :

- چاککردنەوەی کارەبا و پاراستنی لە تێکچوون.
- چاککردنی سیستەمی ئاو و ئاوەڕۆی فاکەڵتی.
- چاککردن و پاراستن و ئیش پێکردن و ڕوون گۆڕینی موەلیدە.
- ڕێکخستن و چاودێریکردنی سیستەمی گەرمی و ساردی (سپلیتەکان).
- دابینکردن و دامەزراندنی شاشەی مەرکەزی ڕاگەیاندن و بەستنەوەی بە یەك ناوەند.
- دامەزراندنی سیستەمی کارەبا بۆ (lab)ی نوێی بەشە زانستیەکان.
- سەرپەرشتیکردنی کامیراکانی چاودێری.
- سەرپەرشتیکردنی داتاشۆ و سکرینەکانی هۆڵەکانی خوێندن.
- هەر کارێکی تر، کە فاکەڵتی پێویستی پێ بێت لە بواری چاکردنەوە.

تاقیگەکان

ئەم یەکەیە ڕاستەوخۆ سەر بە بەڕێز یاریدەدەری ڕاگرە بۆ کاروباری کارگێڕی و قوتابیان، لەلایەن بەرپرسێک و ستافێک لە فەرمانبەری شارەزا بەڕێوەدەبرێت. ئەرکی ئەم یەکەیە بریتییە لە سەرپەرشتی کردنی تاقیگەکان و چاودێریکردنی کەلووپەلی تاقیگەکان و ئاگادارکردنەوەی قوتابیان لە بەکارهێنانیان. بەرپرسیارێتییە سەرەکییەکانی بریتین لە:

١. بەڕێوەبردن و چاککردنەوەی تاقیگە.

• دڵنیای دان لەوەی کە هەموو کەلوپەلەکانی تاقیگەکان بە باشی پارێزراون و پاک و خاوێنن، سەلامەتن و بە تەواوی کاردەکەن.

• دانان و ڕێکخستن و جێبەجێکردنی خشتەی پشکنینی بەردەوام و کالیبرێشن (calibration)و خزمەتگوزاری ئامراز و ئامێرەکان.

• پاراستنی ئینفۆنتۆری نوێکراوی ئامێرەکان، مادە کیمیاییەکان و شتە بەکارهێنراوەکان.

٢. پاڵپشتی بۆ فێرکردن و فێربوون.

• هەماهەنگیکردن لەگەڵ بەشە ئەکادیمییەکان بۆ پێشکەشکردنی پشتگیری تاقیگەیی بۆ قوتابیانی بەکالۆریۆس و خوێندنی باڵا.

• ئامادەکردنی ڕێکخستنەکانی تاقیگە و دڵنیابوون لەوەی کە تاقیکردنەوەکان و دانیشتنە پراکتیکییەکان بە باشی بەڕێوەدەچن.

• یارمەتیدانی مامۆستایان و قوتابیان لە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان، دڵنیابوون لە بەکارهێنانی دروست و سەلامەتی ئامێرەکان.

٣. تەندروستی و سەلامەتی و پابەندبوون.

• جێبەجێکردنی ڕێساکانی تەندروستی و سەلامەتی لەناو هەموو ژینگەکانی تاقیگەدا.

• دابینکردنی ڕاهێنانی سەلامەتی و ئاڕاستەکردن بۆ قوتابیان و کارمەندانی بەکارهێنانی تاقیگەکان.

• دڵنیابوون لە پابەندبوون بە ستانداردەکانی سەلامەتی دامەزراوەیی، نیشتمانی و نێودەوڵەتی.

٤. پاڵپشتی تەکنیکی و کارگێڕی.
• پێشکەشکردنی پشتگیری تەکنیکی بۆ توێژەران و قوتابیان لە پرۆژەکانی توێژینەوەکان.
• ڕێکخستنی خشتەی کارکردنی توێژەران و چۆنیەتی بەکارهێنانی ئامێرەکان.
٥. پەرەپێدان و بەرزکردنەوە.
• پێشنیار و یارمەتیدان لە دابینکردنی ئامێر و ئامراز و نەرمەکاڵای نوێ بۆ باشترکردنی بەردەوام.
• هاوکاری لەگەڵ ستاڤی ئەکادیمی بۆ بەرزکردنەوەی تواناکانی تاقیگە لەسەر بنەمای پرۆگرامی خوێندن و پێشکەوتنی توێژینەوەکان.
٦. پاڵپشتی بۆ توێژینەوە و خزمەتگوزاری دەرەکی.
• ئاسانکاری بۆ چالاکییەکانی توێژینەوە لەسەر بنەمای تاقیگە و خزمەتگوزارییەکانی ڕاوێژکاری/تاقیکردنەوە دەرەکی.
• یارمەتیدانی ئەندامانی فاکەڵتی و قوتابیانی خوێندنی لە دیزاینکردن و جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەکانی تاقیگە.
• پاراستنی تۆمارەکانی بەکارهێنانی توێژینەوە و دەرئەنجامەکانی پرۆژە کە ئامێری تاقیگەیی تێدایە.